# رۆژهەڵاتناسی..
# دەرکەوتن و ئامانجەکانی

نەریمان عەبدوڵلا
مامۆستای زانکۆ

**بەرایـــی:**

رۆژهەلاتناسی وەك جوولانەوەیەکی زانستی و فکری و رۆشنبیری, مێژوویەکی دێرین و پانتاییەکی فراوانی لە هزری مرۆڤایەتیدا داگیرکردووە و خاوەن کۆمەڵێکی ئێجگار زۆر لە توێژینەوە و کتێب و گۆڤار و فەرهەنگ و رۆژنامە و ئەکادیمیای زانستییە, بەڵکو خوێندنەوە و دیراسەکردنی رۆژهەلات لەلایەن رۆژئاواییەکانەوە لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژوودا, بووە زەرورەتێکی زانستی و تەنانەت سیاسی و ئابوری و ئایینیش, چەندین توێژەر و خاوەن قەڵەم بە هەموو توانایانەوە لەم بوارەدا کاریاندەکرد.

بزووتنەوەی رۆژهەلاتناسی کاردانەوەی راستەوخۆی لە سەر مێژوو و شارستانییەتی رۆژهەلات هەبووە, تەنانەت بیرکردنەوەی هەندێك لە نووسەرانی رۆژهەلاتی گۆڕی, ئیدی نووسین و لێکۆڵینەوەکانیان بە هەمان ئاراستەی رۆژهەلاتناسان هەنگاوی نا, بۆ نموونە: (تەها حسێن) لە کتێبی (ئەلئەدەب ئەلجاهیلی)(الأدب الجاهلی) راسەوخۆ کەوتووەتە ژێرکاریگەری رۆژهەلاتناسی ئەڵمانی (مەرجلیۆس), (ئەحمەد

ئەمین) لە کتێبەکانیدا (فەجرولئیسلام، زوحالئیسلام)(فجر الاسلام, ضحى الاسلام) بیروبۆچوونی رۆژهەڵاتناسی هێناوە و کەوتووەتە ژێرکاریگەرییانەوە بۆ نموونە: لە کتێبی (فجر الاسلام) دا چەندین بیرو بۆچوونی رۆژهەڵاتناسانی هێناوە بە تایبەت لەوبەشی(ئەلحەدیس) (الحدیپ) دا, بە بێ ئاماژەدان بە ناوی رۆژهەڵاتناسەکان, هەروەها (د.عەلی حەسەن عەبدولقادر) لە کتێبەکەیدا (نظرة عامه فی تأریخ الفقه الآسلامي) زۆرێك لە بەشەکانی وەرگێڕاوی تەواوی بیروبۆچوونەکانی رۆژهەڵاتناسی مەجەری بە رەگەز جولەکە (گۆڵدیسهر) ە, کە لە کتێبەکەیدا (العقیده و الشریعه فی الاسلام) هێناویەتی.

لەم نووسینەدا ناتوانیت هەموو رەهەند و گۆشەکانی رۆژهەڵاتناسی باسبکەین, بەڵکو تەنها ئاماژە بە سەرەتاکانی دەرکەوتن و ئامانجی دروستبوونیان دەکەین, کە فەلسەفەی رۆژهەڵاتناسی تیایدا خۆی دەبینێتەوە.

بەو ئومێدەی هەندێك زانیاری لە چوارچێوەی ئەم نووسینەدا بخەینەڕوو.

**چەمکی رۆژهەڵاتناسی:**

پێناسەگەلێکی زۆر بۆ چەمکی رۆژهەڵاتناسی لەلایەن رووناکبیرانەوە کراوە, لێرەدا ئاماژە بە دوو بۆچوون دەدەین, (مەکسیم رۆدنسۆنی) گەورە رۆژهەڵاتناسی فەرەنسی لەم بارەوە دەڵێت: (رۆژهەڵاتناسیی میتۆدێکی زانستییە بۆ خوێندنەوە و دیراسەکردنی مێژوو شارستانییەتی رۆژهەڵاتی ئیسلامی, هەروەها رووناکبیری فەلەستینی (ئەدوارد سعید) لە کتێبەکەیدا (ئەلئیستیشراق)(الآستشراق)) دەڵێت رۆژهەلاتناسی هەوڵدان و هەنگاونانی رۆژئاواییەکانە بۆ گەیشتن بە رۆژهەڵات, ئەمەش لەبەر ئەوپێگە گەورە و تایبەتەی رۆژهەڵات لە دیدگای رۆژئاواییەکانەوە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین رۆژهەڵاتناسی لێکۆڵینەوەی رۆژئاواییەکانە لەمەڕ رۆژهەڵات لە هەموو لایەنەکانی مێژوو, زمان, کلتور, ئابووری, جوگرافیا, لایەنی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و سەرجەم لایەنەکانیدی, بە مەبەستی بەدەستهێنانی کۆمەڵێك ئامانجی دیاریکراو.

**كورتەیەك لەبارەی مێژووی رۆژهەڵاتناسییەوە:**

تا هەنوكە دیاریكردنی مێژووی رۆژهەڵاتناسی دیارنییە و جیاوازی لە نێو سەرچاوەكاندا لەم بارەوە بەدیدەكرێت, هەندێك دەیگێڕنەوە بۆ كاتی فەرمانڕەوایی موسوڵمانەكان لە وڵاتی ئەندەلس, كە هەندێك لە روهبانەكان دەستیاندایە وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز و سەرچاوە عەرەبییەكان بۆ سەر زمانی خۆیان بەتایبەت سەرچاوە فەلسەفی و پزیشكییەكان, لەم رووەوە راهبی فەرەنسی (جربرت) كە لە ساڵی (٩٩٩ز) وەك پاپای كەنیسەی رۆما هەڵبژێردرا, (بوترس ئەلموحتەرەم ١٩٠٣-١١٥٦ز) (جیرار دی كریمون ١١١٤-١١٨٧), ئەمانە لە ئەندەلس بوون و پاش گەڕانەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان, نووسین و كتێبە وەرگێڕدراوە عەرەبییەكان لەنێو وڵاتانی خۆیان بڵاوكردەوە و چەندین ئەكادیمیا و خوێندنگایان بۆ دیراسەكردنی نووسینەكانی رۆژهەڵات كردەوە.

هەندێك لە توێژەرانی دی دەیگێڕنەوە بۆ ساتی شەری خاچدروشمەكان بەتایبەت سەردەمی (لویسی نۆیەم), ئیدی كاتێك لە (١٨/ئایاری/١٢٥٠ز) لە شەری (دیمیات) تێكشكاو چووە (عەككا) لە بەرامبەر تێكشكان و خۆڕاگری موسوڵمانەكان وتی (با ئیدی دەستبدەینە جەنگی وشە و وتە, چونكە ئەم جەنگە دەتوانێت موسوڵمانەكان بشكێنێت) ئەمەش واتای دەستپێكردنی شەریكی نوێیە كە خۆی لە رۆژهەڵاتناسیدا دەبینێتەوە.

هەندێكیدی ئەم مێژووە دەگێڕنەوە بۆ ساڵی (١٣١٢ز) كاتێك وڵاتانی ئەوروپی كۆنگرەی ڤییننایان بەست, تیایدا بڕیاریاندا كە هەندێك كۆرسی تەرخانبكەن بۆ خوێندنی زمانی عەرەبی لە هەندێك لە زانكۆكانی ئەوروپادا, لێرەوە دیراسە و خوێندنی رۆژهەڵات لەلایەن رۆژئاواییەكانە روخسارێكی ئەكادیمی وەرگرت.

**ئامانجی رۆژهەلاتناسی:**

دەركەوتنی رۆژهەلاتناسی لە رۆژئاوادا لەپێناو بەدەستهێنانی چەندین ئامانجی جۆراوجۆردا بوو, لەم پێناوەشدا هەموو هەولێكیان خستەگەڕ ئەو هەولانەش بە دوو شێوازبوون: یەكێكیان بریتیبوو لە هەولی خودی رۆژهەلاتناسەكە, بۆ شارەزابوون لە زمان و كلتور و مێژوو و ئایین و گشت لایەنەكانی میللەتانی رۆژهەلات, لەم بارەوە رۆژهەلاتناسی ئەلمانی (كارل برۆكلمان ١٨٦٨-١٩٥٦) یانزە زمانی زانیوە كە بریتیبوون لە (عەرەبی, سریانی, عیبری, توركی, قیبتی, بابلی, ئاشوری, حەبەشی, فارسی كۆن, فارسی نوێ) لەگەل زانیاری لە زمانەكانی یۆنانی و لاتینی و فەرەنسی و ئیتالی و ئینگلیزی و ئیسپانی, رۆژهەلاتناسی فەرەنسی لویس ماسینیون (١٨٨٣-١٩٦٣) شارەزایی تەواوی لە تەسەوفی ئیسلامیدا هەبووە و چەندین كتێبی لەم بارەوە داناوە لەوانە(موستەلەحات ئەلسۆفییە) (مصطلحات الصوفیه), (ئەخبار ئەلحەللاج)(أخبار الحلاج),(دیوان ئەلحللاج)(دیوان الحلاج)..هتد) هەروەها (ئەرزنجان فنسنك ١٨٨٣-١٩٣٩) هۆلەندی شارەزاییەكی زۆری لە سونەتی پێغەمبەردا (د.خ) هەبوە و فەرهەنگێكی (١٤) بەرگی بە زمانی ئینگلیزی دەربارەی ژیان و رەفتاری پێغەمبەر نووسیوە, كە (محەممەد فوئاد عەبدولباقی) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی بە ناوی(میفتاح كونوز ئەلسوننە)(مفتاح كنوز السنه), سەرەرای نووسینی فەرهەنگێكی دی لەبارەی فەرموودەكانی پێغەمبەرەوە (د.خ) بە ناوی (مەعجەم ئەلفاز ئەلحەدیس ئەلنەبەوی)(معجم الفاظ الحدیث النبوی) كە بە شێوازێكی وردودور و درێژ نووسراوە.

شێوازی دووەم: بریتیبوو لە هاوكاری دەولەتانی ئەوروپا بۆ ئەم جوولانەوەیە, لەم رووەوە بڕێكی زۆر پارە و پول و داهاتیان تەرخانكرد بۆ لێكۆلینەوە رۆژهەلاتناسییەكان , كە خۆی لە دامەزراندنی چەندین ئەكادیمیا و زانكۆ و خوێندنگا و بەستنی چەندین كۆڕ و كۆبوونەوە و سەردان و لێكۆلینەوە دەبینییەوە,

لێرەوە لەو راستییە دەگەین کە بزووتنەوەی رۆژهەلاتناسی کۆمەڵێکی زۆر ئامانجی لەپشتەوەیە, کە لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێدەکەین:

**١- ئامانجی ئایینی و زانستی:**

گومان لەوەدا نییە کە سەرەتاکانی رۆژهەلاتناسی بە پیاوانی مەسیحی و روهبانەکان دەستپێکرد, بە درێژایی مێژووی رۆژهەلاتناسی رۆڵی گەورەیان تیایدا هەبووە, ئەمانە دەیانویست ئایینی ئیسلام ناشیرین بکەن و راستییەکانی بشێوێنن, چونکە پێیانوابوو کە ئیسلام دوژمنی سەرەکی رۆژئاواییەکانە, پێیانوابوو کە موسوڵمانەکان گەلێکی خوێنرێژ و زۆردارن و دوورن لە ئاکاری رۆحیی جوان و تەنها هەوڵی تێرکردنی جەستە دەدەن, بۆیە دەبێت بە هەموو شێوازێك رێگا لە بلاو بوونەوەی دینەکەیان بگیرێت.

ئەوەی هاوکاری ئەو هێرشەی کرد ئەو حاڵەتە دەروونییە نائاساییە بوو کە لە لای هەندێك تاکی ئەوروپی دروستبوو بوو, ئەمەش لە ئەنجامی فتوحاتی ئیسلامی و جەنگی خاچدروشمەکان و هێرشی عوسمانییەکان بوو بۆ ئەوروپا, ئیدی بە جۆرەها شێوازی نادروست راڤەی کاری موسوڵمانەکان و ئایینەکەیان دەکرد, ئەمەش لە چوارچێوەی چەندەها کتێب و نووسراو و فەرهەنگ و ...هتد, دەردەکەوێت کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

**أ- ئامانجی شێواندنی راستییە زانستییەکان:**

نووسینی رۆژهەلاتناسان بەم ئاراستەیە نووسراون, ئەمەش کاردانەوەی خودی رۆژهەلاتناسانە بەرامبەر رقلێبوونەوەیان لە ئایینی ئیسلام, تەنانەت هەندێکیان بە شێوازێکی هێندە دەمارگیر و نازانستییانە نووسیویانە, کە بووەتە هۆی بێزاربوونی رۆژئاواییەکانیش, بۆنموونە: رۆژهەلاتناسی فەرەنسی (هنری لامنس ئەلیەسوعی ١٧٨٢-١٨٣٧) نووسینەکانی هێندە نابابەتی و بە رقەوە نووسیوە, سەرەنجام راستییەکانی شێواندووە و بووەتە هۆی جێگای لۆمە و رەخنەی بەشێك لە رۆژهەلاتناسانیدی.

شێواندنی راستییە زانستییەکان لەلایەن رۆژهەلاتناسانەوە لە چەند تەوەرێکدا خۆی دەبینێتەوە, کە ئەمانەن:

### تەوەرەی یەکەم: شێواندنی راستییەکان دەربارەی پێغەمبەر (د.خ)

ئامانجێکی سەرەکی رۆژهەلاتناسان لەم تەوەرەدا خۆی دەبینێتەوە, لە راستیدا رۆژهەلاتناسان گومانیان بەرامبەر پێغەمبەر(د.خ) دروستکردووە لە هەموو رویەکەوە, گومان نییە کە پێغەمبەر(د.خ) لە سالی (٥٧٠ز) لەدایکبووە, لە سالی فیلدا ئەم راستییەش لە سەرچاوەکاندا چەسپاوە و نکولی لێناکرێت, بەلام رۆژهەلاتناسان دەیانەوێت ئەم راستییە بشێوێنن تا ئامانجەکانیان بێننەدی و لەنێویاندا رۆژهەلاتناس (هنری لامنس) دەلێت: کە پێغەمبەر(د.خ) لە سالی (٥٨٠ز) لەدایکبووە نەك ئەو سالەی ئاماژەی پێدرا, دواتر ئاماژە بۆ ئەوە دەدات کە هەموو پێغەمبەران لە سەروو چل سالییەوە هاتوون بۆ میللەتانیان تەنها (محەممەد) (د.خ) نەبێت, ئیدی لێرەوە (محەممەد) پێغەمبەر و نێردراو نییە لەلایەن خواوە, ئەوەی جێگای سەرنجە (کارل برۆکلمان) لە کتێبی (تاریخ ئەشعوب ئەلئیسلامییە)(تأريخ الشعوب الآسلامية) ئاماژە بەوەدەدات کە لەدایکبوونی پێغەمبەر بۆ ماوەی چەند سالێك دواکەوتووە, کە مەبەستی هەمان ئەو دەسالەیە کە لامنس ئاماژەی پێداوە.

هەندێك لە رۆژهەلاتناسان بە گومانن لەوەی کە پێغەمبەر (د.خ) لەلایەن خواوە قورئانی پیرۆزی بۆ هاتبێت و راستییەکان دەشێوێنن و راڤەی هەلە بۆ ئەم رووداوە دەکەن, بە خەرافیات و جۆرێك لە نەخۆشی دەروونی و هستریا ناویدەبەن.

رۆژهەلاتناسی ئینگلیزی ویلز لەم بارەوە دەلێت: (محەممەد هەندێك دیاردەی خەرافی نووسیوە و دواتر لەنێو گەلەکەیدا بلاویکردەوە و ئەوانیش شوێنی کەوتن), رۆژهەلاتناسی نەمسایی (لویس شبرنگر) وەك دیاردەیەکی هستریا تەفسیری کاری پێغەمبەر(د.خ) دەکات و دەلێت: (ئەوەی ئیسلامی بلاوکردەوە پێداویستی ئەو قۆناغە بوو کە تیایدا دروستبوو و محەممەد تووشی هستریا بوو بوو).

بەڵكو هەندێكیان نكوڵی لەوە دەكەن كە قورئانی پیرۆز لەلایەن خواوە هاتبێت, (ئەرزجان فنسنك) لە كتێبی (ئەلموستەشریقون وەلئیسلام)(المستشرقون و الآسلام) دا دەڵێت:(محەمەد قورئانی نووسیوە نەك لەلایەن خوداوە هاتبێت).

هەندێكی دیكە لە رۆژهەلاٚتناسان گومانیان لە فەرموودەكانی پێغەمبەر(د.خ) هەبووە, ئەم دیاردەیەش بە روونی لە كتێبەكانیاندا دەردەكەوێت, دیارە كە سێك بڕوای بە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر نەبێت, گومانی بۆ وتەكانیشی لا گەلاٚڵە دەبێت.

لەم چوارچێوەشدا جەخت لەوە دەكەنەوە كە پێغەمبەرێكی نەخوێندەوار چۆن خاوەنی گشت ئەو فەرموودەیە, بەڵكو پێیانوایە كە ئەو فەرموودانە كاری موسوڵمانەكانە لەپاش سەردەمی پێغەمبەر (د.خ) بەتایبەت لە سەردەمەكانی یەكەم بۆ سێیەمی كۆچی, ئەم بۆچوونە هەڵە و نارێكە لە زۆر لەو سەرچاوە رۆژهەلاٚتناسییانە ئاماژەی پێداوە كە دەربارەی پێغەمبەر و فەرموودەكانی نووسراوە, كە لەگەڵ راستی و لۆژێكدا یەكناگرێتەوە كاتێك لێكۆڵینەوەیان دەربارەی دەكەین.

**تەوەرەی دووەم: نكوڵیكردن لەوەی كە ئیسلام دینی خودابێت:**

ئەم بۆچوونە هەڵەش لەلایەن رۆژهەلاٚتناسانەوە بە روونی لە نووسراوەكانیاندا دەبینرێت, هەندێكیان پێیانوایە كە ئیسلام لە ئایینەكانی پێشتری وەك مەسیحی و یەهودی وەرگیراوە, ئیدی هەر دوو رۆژهەلاٚتناسی بە رەگەز جوولەكە (گۆڵدیسهر و شاخن) لە كتێبەكانیاندا باس لە بیرۆكەی درێژبوونەوەی ئایینی یەهودی دەكەن بۆ ئیسلام, (بلاشیر و برۆكلمان)یش هەمان بیرۆكە دەخەنەڕوو, سەرەڕای وەرگرتنی چەمكەكانی ئیسلام لە مەسیحییەوە, بە بۆچوونی ئەمان بوونی هەندێك كەسایەتی مەسیحی و یەهودی لە سەردەمێكدا كە پێغەمبەر(د.خ) دەركەوت, هۆكاری راستەوخۆی ئەم دیاردەیەن, ئەمەش پێچەوانەی راستییەكانە چونكە یەهودییەكان لە مەككە بوونیان نەبووە و لەگەڵ مەسیحییەكانیشدا

پێغەمبەر(د.خ) هێندە پەیوەندی نەبووە ئەوەی جێگای سەرنجە رۆژهەلاّتناسان هەندێك بنەمای ئاكاریی دەكەنە بەلّگە بۆ درێژبوونەوەی مەسیحییەت لە ئیسلامدا, بە بێ ئاگابوون لەوەی كە سەرجەم ئایینە ئاسمانییەكان لە لایەن خوداوە هاتوون, بەلّگەنەویستە كە لە رووی ئاكاریی و لایەنیدیكەشەوە بانگەواز بۆ یەك مەبەست دەكەن.

**تەوەرەی سێیەم: گومان بەرامبەر فیقهی ئیسلامی**

هەندێك لە رۆژهەلاّتناسان ئاماژە بەوە دەدەن كە فیقهی ئیسلامی لە یاسا و رێسا كۆنەكانی دەولّەتانی ئەوروپاوە وەرگیراوە, وەك یاساكانی رۆمانی یۆنانی و...هتد، ئەم بۆچوونەش لە راستییەوە دوورە و زانستی نییە, هەر بۆیە زۆرێك لە رۆژهەلاّتناسان بڕوایان بە سەرخۆیی فیقهی ئیسلامی هەیە و لە كتێبەكانیاندا دان بەم راستییەدا دەنێن.

**ب- ئامانجی زانستی و دوور لە شێواندنی راستییەكان:**

لەگەلّ ئەوەی زۆرێك لە رۆژهەلاّتناسان بە مەبەستی شێواندنی راستییەكان كاریانكردووە, بەلاّم هەندێكیان مەبەستیان وردبوونەوە و لێكۆلّینەوە و گەشتن بووە بە راستی, بۆیە نووسین و لێكۆلّینەوە و كتێبەكانیان دوورن لە بابەتی هەلّبەستراو و شێوێنراو, ئەم رۆژهەلاّتناسانەش بە (ئەلموستەشریقون ئەلمونسیفون)(المستشرقون المنصفون) ناسراون, لەبەرئەوەی لێكۆلینەوەكانیان بابەتین و مەبەستدارنین, بۆیە بوونەتە جێگای رەخنە و لۆمەی بەشێكی زۆر لە رۆژهەلاّتناسان لە رۆژئاوادا.

نموونەی ئەو رۆژهەلاّتناسانەش (توماس ئارنۆلّد) لە كتێبی (ئەلدەعوە ئیلا ئەلئیسلام)(الدعوە إلی الاسلام), كە تیایدا باس لە گیانی لێبوردەیی موسولّمانەكان دەكات بەرامبەر بە ئایینەكانی دی لە سەرجەم قۆناغەكاندا, بۆیە كاتێك ئەم كتێبە بلاّوبوویەوە, رەخنەگەلێكی زۆری لێگیرا لەلایەن

ڕۆژهەلاّتناسەدەمارگیر و مژدەدەرەکانەوە, نووسەریان تاوانبارکرد بە هاوسۆزبوونی لەگەلّ موسولّمانەکاندا.

هەروەها ڕۆژهەلاّتناسی فەرەنسی (دینیە) یەکێکە لەوانەی کە بە شێوازێکی بابەتی ڕاستییەکانی لە بارەی ئیسلامەوە لە ڕۆژئاوا خستووەتەڕوو, پاش ئەوەی هاتە جەزائر موسولّمانبوونی خۆی ڕاگەیاندن و دەربارەی ژیانی پێغەمبەر(د.خ) کتێبی نووسیوە, هەروەها لە بارەی ئیسلامەوە کتێبی (ئەشیعە خاسە بینور ئەلئیسلام)(أشعە خاصە بنور الاسلام)ی نووسی, کە باس لە هاتنی نەتەوەکەی دەکات بۆ لای ئیسلام, پاش ئەوەی لە جەزائر کۆچی دواییکرد, لاشەکەیان بردەوە بۆ فەرەنساو لەوێ بە خاکیانسپارد.

**٢- ئامانجی سیاسی و داگیرکاری:**

جوولاّنەوەی ڕۆژهەلاّتناسی دەرەنجامی شکستی سەربازی و سیاسی ڕۆژئاواییەکان بوو لە ڕۆژهەلاّتدا, لە کاتی هێرشی خاچدرۆشمەکان, بە مەبەستی دووبارە داگیرکردنەوەی ڕۆژهەلاّت, بەلاّم بە شێوازێکی جیاواز و میتۆدێکی نوێ, لێرەوە یەکێك لە ئامانجە دیارەکانی ڕۆژهەلاّتناسی خۆی لە داگیرکاری و فراوانخوازی ڕۆژئاواییەکاندا دەبینێتەوە بۆ ڕۆژهەلاّت.

لە سەرەتادا کاری ڕۆژهەلاّتناسان بریتیبوو لە پێدانی زانیاری لەلایەنەکانی شارستانی و مێژوویی و کۆمەلاّیەتی و ئابووری و..هتد, بە سەرکردە سیاسی و سەربازی و هەوالّگرەکان, ئەم زانیارییانەش لەگەلّ ئەوەی بایەخی گەورەیان هەبوو بۆ ولاّتانی ڕۆژئاوا, لە هەمانکاتدا ئاسانکاری و هاوکارییەکی گەورەی ئەو ولاّتانە بوو لە بەدەستهێنانی ئامانجە سیاسی و داگیرکارەکانیان, بۆیە دەبینین لەپاش دەرکەوتنی ڕۆژهەلاّتناسی, سەرەتاکانی بزووتنەوەی داگیرکارییەکی نوێی ولاّتانی ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەلاّت دەردەکەوێت, لێرەوە ڕۆژهەلاّتناسی چووە خزمەت جوولاّنەوەی داگیرکاری و فراوانخوازی ڕۆژئاواییەکان لەم قۆناغەشدا چەندین

سەرکردەی سیاسی و سەربازی, لێکۆڵینەوە و دیراسەیان لەمەڕ ڕۆژهەڵات ئەنجامدەدا, واتە خودی ڕۆژهەڵاتناسان سەرکردەی سەربازی و سیاسی بوون.

لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتناسییەکان بە شێوازێك دەنووسران کە لە خزمەت بزووتنەوەی داگیرکاری و ئیستعماریدا بێت, بۆ نموونە لە رووی مێژووییەوە ڕۆژهەڵاتناسان هەمیشە دیاردەیەکیان باسدەکرد و گەورەیاندەکرد, کە لە خزمەت ئامانجەکانیان بێت, وەك باسکردن و زیندووکردنەوەی دەسەڵاتی فیرعەونەکانی میسر و فینیقییەکان لە شام و ئاشورییەکان لە عێراق بە شێوازی زیاد لە پێویست, ئەمەش گەلێك ئامانجی لە پشتەوە بوو, دیارترینیان زیندووکردنەوەی ئەو بیروبۆچوونە کۆنانە لە وڵاتانی ئیسلامدا, تا ڕۆژهەڵاتییەکان پێیکاریگەربن, سەرەنجام دووبەرەکی و ناکۆکی و گیانی رقلێبوونەوەیان لەنێو کۆمەڵگاکانی ڕۆژهەڵاتدا دەچاند.. ئەمەش بۆ ئاسان زاڵبوون بەسەر ئەو نەتەوانەدا, چونکە هەمیشە ڕۆژئاواییەکان سیاسەتی (پەرتکە و زاڵبە, فرق تسد) شێوازی مامەڵە و کاریان بوو لە ڕۆژهەڵاتدا.

**٣- ئامانجی ئابووری و بازرگانی :**

یەکێکە لە ئامانجە گەورەکانی جووڵانەوەی ڕۆژهەڵاتناسی, ئەمەش بە مەبەستی باشکردنی باری ئابووری وڵاتانی ڕۆژئاوابوو, بۆیە زۆرێك لە توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتناسی لەم بوارەدا خۆی دەبینێتەوە, ئیدی وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ چاککردنی رەوشی ئابوری وڵاتانیان سوودێکی زۆریان لە لێکۆڵینەوە ڕۆژهەڵاتناسەکان وەرگرت.

لە دوورەوەوە ڕۆژهەڵاتناسان لەم بوارەدا کاریاندەکرد, یەکێکیان بریتیبوو لە زانیاری لەبارەی بوونی کەرەستەی خاو و پێداویستی ئابووری وڵاتانی ڕۆژئاوا, لایەنی دووەم زانیاری لەبارەی بازاڕ و سەرفکردنی بەرهەمە پیشەسازییەکان, ئیدی وڵاتانی ڕۆژئاوا کۆمپانیایەکی زۆریان دامەزراند و ناردیانە وڵاتانی ڕۆژهەڵات تا ئامانجە ئابووری و بازرگانییەکانیان بۆ دەستەبەر بکات, بە داگیرکردنی بازاڕەکان

و دەستگرتن بە سەر بازرگانی ولاٚتانی رۆژهەلاٚت و دەرهێنانی نەوت و کانزاکان و گەلێك کاربدی.

**٤- ئامانجی رۆشنبیری:**

یەکێکیدی لە ئامانجەکانی رۆژهەلاٚتناسی بریتیبوو لە بلاٚوبوونەوەی رۆشنبیری رۆژئاوا لە رۆژهەلاٚتدا, کە مەبەست لە بلاٚوبوونەوەی زمان و خوونەریت و ئاکار و هەلٚسوکەوت و جلوبەرگ و بیرکردنەوە و هونەر و.. هتد, ئیدی رۆژئاواییەکان دەیانویست تاکی رۆژهەلاٚتی بگۆڕن بە رۆژئاوایی, بە مەبەستی ئاسانکردنی بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان لە رۆژهەلاٚتدا.

لە هەمانکاتدا هەمیشە رۆشنبیری رۆژئاواییان بەرز و بالاٚ رادەگرت و هی رۆژهەلاٚتیان بێنرخ تەماشادەکرد, بۆ ئەوەی خەلٚکی رۆژهەلاٚت کاریگەربن بە رۆشنبیری ئەوان, لەم کارەشیاندا گەلێك شێوازیان بەکاردەهێنا گرنگترینیان کردنەوەی ئەکادیمیا و خوێندنگا لە ولاٚتانی رۆژهەلاٚت و لە چاپدانی چەندین کتێب و گۆڤار و رۆژنامە و بەستنی چەندین کۆڕ و کۆبوونەوەی جەماوەری, لەم ئامانجەشیاندا لە هەندێك ولاٚتی رۆژهەلاٚتدا سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێنا.

## سەرچاوەکان


١- أدوارد سعيد: الآستشراق المعرفة, السلطة, الانشاء ,ص٢, ترجمة كمال أبوديب, دار الكتب الآسلامي, بيروت, ١٩٨١..

٢- الشيخ فواد كاظم المقدادي: الاسلام وشبهات المستشرقين. ص١, ١٤١٦ك..

٣- د. عبدالحميد صالح حمدان: طبقات المستشرقين, مكتبة مدبولي, ١٩٨٦..

٤- نجيب العقيقي: المستشرقون, بيروت,١٩٨٢..

٥- د. رشيد العبيدي: حركة الآستشراق مراميها واغراضها, مكتبة, أنوار دجلة, بغداد,٢٠٠٣..

٦-د. مصطفى السباعي: الآستشراق و المستشرقون مالهم وما عليهم, دار الوراق, بيروت, ٢٠٠١..

٧- يوسف العظم: تأريخنا بين تزوير الاعداد وغفلة الانباء, دار العلم, دمشق,١٩٨٨..
٨- مجموعة من المستشرقين: الآستشراق و الاسلام, ترجمة و أعداد, فالح عبدالجبار, مركز الابحاث و الدراسات الاشتراكية في عالم العربي, دمشق, ١٩٩١..
٩- اطاس طولديسهر: الشريعة و العقيدة في الاسلام, ترجمة, علي حسن عبدالقادر و محمد يوسف عيسى و عبدالعزيز عبدالحق, دار الكاتب المصري,١٩٤٦..
١٠- يوليوس فلهاوزن: الدولة العربية وسقوطها, ترجمة يوسف العش, مكتبة الجامعة, دمشق, ١٩٥٦..
١١- كارل بروكلمان: تأريخ الشعوب الآسلامية, ترجمة نبية أمين فارس و منير البعلبكي, دار العلم الملايين, بيروت, ٢٠٠٠.
١٢- مجلة الآستشراق : العدد ١٩٨٩,٣ العدد ١٩٩٠,٤..